من و پیاوه ڕۆبۆتەکە

یاسین بانیخێلانی

ئەوە دوو مانگە هاتوومەتە ئێرە, هەرچەند دەکەم هاوکارەکەم قسەیەکم لەگەڵدا ناکات, ئاخر ڕاستە ئەوە کێشەی منە, بەڵام من لەدەست تەنهایی و بێدەنگی هەمیشە هەڵدێم, چونکە ترس دەخەنە دڵمەوە. زور جار بیر لەوە دەکەمەوە ڕەنگە چارەی من یا چارەی بێگانەی بەگشتی بە دڵ نەبێت, بۆیە نەك هەر قسەم لەگەڵدا ناکات بەڵکو زۆر جاران بۆ ئەوەی بیهێنمە قسە دەربارەی کارەکەی خۆمان پرسیاری ئاڕاستە دەکەم....کەچی بەسەر هەڵتەکاندنێك یا مل ڕاوەشاندنێك وەڵامم دەداتەوە. لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە تەنانەت لەو کاتژمێرە پشووەی خواردنی نیوەڕۆشدا لەگۆشەی ژوورەکە دادەنیشێت و وەك هەموو ڕۆژان دوو پارچە سەمونی بەکەرە چەور کراو, کە پارچەیەك (شینکن)*١ ی تێ ئاخنراوە لە جانتاکەی دەردەهێنێت هێواش هێواش دەست بەخواردنی دەکات. ئەم بێدەنگی کابرا بەڕاستی ئازارم دەدات!. بڕواناکەم لەژیانمدا هێدەی ئەم دوو مانگە بێدەنگی کاری تێکردم, بەتایبەتی لەسەر کار, کە کاتژمێر ئەڵێی بەکۆڵی کەری شەلەوەیە ڕێناکات. ئاخر زۆرە دوو مانگ لەیەك ژووری کارکردندا ژوورێکی بچوك ڕۆژی نۆ کاتژمێر بەریتە سەر بێئەوەی گوێت لەدەنگی مرۆڤێك بێت وەك ئەوەی لەبیابانێکدا بژیت. ! یا قسەیەك بکەیت, ئاخر قسە لەگەڵ کێدا بکەم؟ ڕۆژێك ناهەستانە لەخۆمەوە گۆرانیم دەگوت, کابرا بەگومانەوە تەماشایەکی کردم و سەرێکی ڕاوەشاند, بەمەش وێنەی ترس\شەرمێکی تر ڕۆچوە ناو نەستمەوە, ئێستا لەهەر جێگەیەك گۆرانی بێتە سەر زمانم یەکسەر ئەو وێنە ناشیرینەی کابرا دێتەوە بەرچاوم, بڕواتان هەبێت ماوەیەکە وام لێهاتووە لەگەڵ دەستگا میکانیکییەکاندا قسە دەکەم, قسەی چی؟ زۆر جار لێیان تووڕە دەبم, چەکوش و دەرنەفیزیان پێدا دەدەم, دەزانم ئەمەش جۆرێکە لەشێت بوون, بەڵام چی بکەم من قەت لەگەڵ تەنهایی و بێدەنگیدا ڕانەهاتووم. چونکە لە ناو خێزان و کولتورێکدا پەروەردە بووم دەبێت هەمیشە لە گەڵ کۆڕدا بم, بۆیە تەنهایی بوون هەمیشە هەڕەشەم لێدەکات.

دوێنێ زۆر ماندوو بووم. ڕەنگە هۆ سەرەکییەکەی بگەڕێتەوە بۆ گرێی ئەو بێدەنگییە, کە ساتێك ناتوانم بیری لێنەکەمەوە, جگە لەوەی ڕۆژ بەڕۆژ ڕقم بەرامبەر کارەکە و کابرا, کە هێشتا نازانم ناوی چییە ئەستور دەبێت. کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆ بۆ پشوو گەڕاینەوە ژوورۆچکەی دانیشتن و بیرۆ, بەهەمان شێوەی ڕۆژانی پێشوو لە جانتاکەی دوو پارچە سەمونەبەکەرە چەورکراوەکەو شینکنەکەی ناوی لەگەڵ بیرەیەکدا دەرهێنا. هەموو هەڵسوکەوتەکان دووبارە بوون, بەتەنها بیرەکە شتێکی نوێ بوو. پاش دوو قەپاڵە لە سەمونەکەی ناو دەستی, کەمێك وەستاو هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو چاوی برییە ئەو وێنەی بەدیوارەکەوە هەڵواسرا بوو, ماوەیەکی زۆر لەو سەرسامییەدا مایەوە, لەگەڵ ئەوەشدا دلۆپ دلۆپ فرمێسك لەچاوەکانی بەردەبوونەوە.

ئای خوایە گیان! من وام دەزانی هیچ هەستێکی مرۆڤانە لە ڕۆحی ئەو پیاوەدا نەماوە, کەچی ئێستا دەبینم دەگری، گریان لای من لە لەبزواندنی هەستە مرۆڤایەتییەکان زیاتر هیچ واتایەکی نییە. کاتێك هەستە

مرۆڤایەتییەکانی ناو مرۆڤ دەبزوێت فشارێکی دەروونی بۆ مرۆڤ دەهێنێت, ئەو کاتە بۆ خاڵی کردنەوەی ئەو فشارە مرۆڤ پەنا دەباتە بەر گریان. منیش یەکێکم لەوانەی کاتێك هەست بەو فشارە لە جیهانی دەرەوەی خۆشمدا بکەم یەکسەر لەناوما ڕەنگدەداتەوەو دەمکاتە گریان.

هەر چاوی لەسەر وێنەکەیە, وێنەی پیاوێك ئەوەندە بەتەمەن نییە لە باوکی بچێت هێندەش گەنج نییە بەکوڕی !. بەدەم ئەم چاولێکردنەوە هەندێ جار سەر ڕادەوەشێنێت و هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت. تۆبڵێی: چی بەیاددا هاتبێت یا چی کێشەیەکی هەیەو بەدەستییەوە دەناڵێنێت, ئەی پەیوەندی بەو وێنەوە چییە؟!.

ئەمانە هەموو پرسیار بوون لای من, بەڵام چۆن وەڵامم دەستگیر ببێت, خۆ ئەو بە هیچ شێوەیەك قسەناکات. لەو کاتەدا ڕووی لەوێنەکە لاداو جگەرەیەکی داگیرساندو بە هەموو توانایەوە قومێکی قوڵی لێدا. ڕووی بەلای مندا وەرگێڕاو زەردەخەنەیەك, کە مرۆڤ خۆشیی تیا بەدی نەدەکرد گرتی. وەك هەموو جارەکان سەرە لەقەیەکی کردو گوتی: من ئێستا بەختەوەرم, زۆر بەختەوەرم...

ـ سوپاس بۆ خوا ئەوە لەگەڵ مندا قسە دەکات(لەبەر خۆمەوە ئەمەم گوت).

بەردەوام درێژەی بەقسەکانی ئەداو زوو زوو ڕستەی من ئێستا زۆر بەختەوەریم دووبارە دەکردەوە, لەو کاتەدا دەمویست لەم فرسەتەدا هەرچی پرسیارە پەنگخواردووەکانی دەروونم هەیە هەڵیڕێژمە بەردەمی, ئەو گوتی: دەزانی بۆ؟!. تەمەنم ئێستا شەست وسێ ساڵە. چل وپێنج ساڵە ئالێرە, ئالەم ژوورەدا کاردەکەم, چل و پێنج ساڵە ڕۆحم بە شێوەیەك تێکەڵاوی ئەو مەکینانە بووە, کە نازانم ئەوان منن یا من ئەوانن, بەڵام ئەوەندە دەزانم زۆرم خۆشدەوێن... , چل و پێنج ساڵ.. بەڵێ چل و پێنج ساڵە من هەموو بەیانییەك کاتژمێر پێنج لەخەو بێداردەبمەوە, چل و پێنج ساڵە هەموو بەیانییەك کاتژمێر شەش لێرەم, ڕەنگە بپرسیت ئەی ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە؟ زۆر جار بەهۆی زۆری کارەوە شەممان هاتوومەتەوە بۆ کار, بەڵام ئەو شەممەو یەکشەممانەش کارنەبوون, نەمتوانیوە بێدار نەبمەوە زۆربەی شەممەو یەکشەممەکان کاتژمێر شەش لێرە بووم و بەدەوری کارگەکەدا ڕاوێچکەم دەکرد... چل و پێنج ساڵە کاتژمێر نۆی شەو لەناو جێگەدا بووم... چل و پێنج ساڵە شەوو ڕۆژێك چوار کاتژمێر کاتم هەبووە بۆ هەموو پێداویستییەکانی ژیانم, هەربۆیە نەمتوانیوە خۆشەویستێکم هەبێت. پێش ئەوەی بێمە ناو جیهانی کارکرنەوە, کچێکم خۆشدەویست, ئەویش هەروەها. ئەو سەردەمە زۆر بەختەوەربووین, لە هیچ شتێك بێ دڵی یەکمان نەدەکرد, خاوەنی عەشقێکی زۆر سەیر بووین, بەڵام پاش کارکردن هەر دوو ساڵ توانی لەگەڵمدا بژی, بۆیە جێی هێشتم, لەو کاتەوە من بەتەنهام و خەون بەعەشقێکی ترەوە دەبینم. چل و پێنج ساڵ کارکردن ڕەنگە پێت سەیر بێت گەر بڵێم: جگە لەو مەکینانە زیاتر پەیوەندیم بە هیچ شتێکەوە نەمابوو... پێش دەساڵ ڕۆژێکی پێنج شەممە لە نەخۆشخانەیەکەوە زەنگیان بۆ دام, کە دایکم زۆر ناساغەو دەیەوێت بتبینێت. منیش ئاگادارم کردن, کە ڕەنگە ڕۆژی شەممە بتوانم سەردانی بکەم. ئەو دەمە ساڵێك بوو دایکمم نەدیبوو ئەگەر چی لەم شارەشدا دەژیا, نازانم ڕەنگە پێویستیشی نەکردبێت بیبینم, ئەگینا بۆ؟. ئەو ماوە هەموو پەیوەندیەکمان تەنها جار

بەجارێك تەلەفۆنكردن بوو, كەچی بەداخەوە ڕۆژی هەینی زەنگیان بۆدام, كە دایكم مردووەو دەبێت بچم بەسەر وەختییەوە. ئای كە ئێستا بەختەوەرم, ئەو پیاوە (دەستێكی بۆ وێنەكە درێژكرد) خەونی بەم ڕۆژەی منەوە دەدی, كەچی پێش ئەوەی خەونەكەی بێتەدی بە هۆی تۆزی ئاسناوی و ئەلەمنیۆماوییەوە توشی نەخۆشی شێرپەنجەی سی بوو پاش ماوەیەكی كورت كوشتی. من و ئەو چل و یەك ساڵ پێكەوە ئالێرەدا لەو ژووری كاركردنەدا كارمان كرد, ئەو هەمیشە خەونی بەوەوە دەدی, كە كەی بچێتە خانەی پیرانەوە؟. ئێستا تێگەیشتی, كە بۆچی و چەند بەختەوەرم, بەڵام ڕەنگە چل و پێنج ساڵم بووێت بۆ ئەوەی ڕابێم بەیانییان درەنگ بێدار ببمەوە!.

---

*١. شێنكن der Schinken گۆشتی لاڕانی بەرازی دوكەڵدراو

كوردستان نێت www.kurdistannet.org